# حکومەتی هەرێمی کوردستان

**پارێزگای هەولێر**

**قائمقامیەتی قەزای سۆران**   / رەزبەر/ 2707

**کارگێری**

**ژمارە :**    **ریکەوت:**   /

*بۆ / رۆژنامەی ئەلیکترونی کوردستان نێت*

**لە بەرواری 2007/9/20 سکالانامەیەك لە شێوەی نامەیەکی کراوە بۆ جەنابی سەرۆکی حکومەت ئاراستە کراوە ، گوایە بە ناوی هاوولاتیانی گەرەکی چەمێ رێزان نوسراوە لە 2007/9/9. سەرەتا ناوەرۆکی نوسراوە دەست نوسەکە و نوسراوی بۆ سەرۆکی حکومەت جیاوازی زۆری تێدا هەبووە وێرای ئەوەش ئێمە بۆ بە دواداچونەوەی نامەکە سەرەدانێکی مەیدانیمان کرد گەیشتینە ئەو بروایەی کە لە شێوەی دەربرینی ئەم سکالایە کومەلی تەشهیری بۆ بەرێزان سەرۆکی شارەوانی و چەند ناوێکی ترلە خوی گرتبوو کە کەم وزۆر پەیوەندیان بەو شوێنەوە نیە. سەرەرای ئەوەش لە کاتی سەردا نمان بۆ شوێنەکە , دانیشتوانی گەرەکەکە ئەوەیان رەدتکردەوە کە هیچ کەسێکیان تۆمەتبار کردوە تەنها مەبەستیان تەرخان کردنی ئەو شوێنەیە بۆ قوتا بخانە وە نامەکەش ئاراستەی بەرێز وەزیری شارەوانی و قائمقامی سۆران کراوە نەك لە شێوەی نامەی کراوە بۆ جەنابی سەروکی حکومەت0 بەلام کەسانێك نامەسئولانە شێوەی داواکاریەکەیان گوریوە . رەنگە گواستنەوەی گەراجی هەولێر سالێکی تر بخایەنی بۆ شوینی نوێ و ئەو شۆینەی ئێستا مولکی شارەوانیە و بۆ بەرژەوەندی گشتی بە کار دێت ، بریاردان بۆ تەرخان کردنی ئەو شوینە بۆ هەر مەبەستێك پەیوەستە بە کومەلی تەعلیمات نە سەرۆکی شارەوانی و نە قائمقام بە تەنیا ناتوانن بریاری لێ بدەن بۆیە وێرای نادروستی هەوالە کە و بێ وێژدانی لە گەل ناوهاتووان،دلنیای خەلکی گەرەکی چەمی رێزان دەکەینەوە شوینی گەراجی هەولێری ئێستا دوای گواستنەوەی گەراج بۆ بەرژەوەندی گشتی بە کار دێت . سەربارەت بە پێداویستی خزمەتگوزاری لە بەرنامەدایە سالێ دادێ پرۆژەی چاککردنی گەرەکەکەیان بکەین و ئەگەر ئەم سال لە بەر کێشەی بوودجە نەبوایە ئەم سال جێ بە جێ دەکرا0**

*لە گەل رێزماندا..........*

**کرمانج عزەت سلیمان**

**قائمقامی قەزای سۆران**

*2007/ 10 / 11*

computer Golchin